# سەیفولقوزات و "باغی ئارەزوو"ی نەتەوەیی

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**
**( ١- ٢ )**

(١)

سەیفولقوزات، یان «ئەبولحەسەنی سەیفی قازی» ناوێکە کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەبیرهێنەرەوەی چەند بابەت و دەستەواژەی ئەدەبی و سیاسییە. هەر ئەو ناوە گرێ دراوە بە ناوی چەند کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی کوردیشەوە کە دیسان کۆی ئەوانە دەکرێ لە دەستەیەکدا ڕێک بخرێنەوە و پێوەندی دوور و نزیکیان لەگەڵ یەک بخرێنە بەرباس. بۆ وێنە «قوتابخانەی موکریان»، یان «قوتابخانەی ڕاسان»، «مامۆستای شاعیرانی موکریان»، «پیرەمێردی موکریان» و زۆر بابەتی دیکەش، خوێندەواری بواری ئەدەبیات وەبیر ناوی سەیف دەخەنەوە. لە لایەکی دیکەوە «کۆماری کوردستان»، «قازی محەمەد»، «دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی»، «هێمن» و «هەژار» بە شێوەیەکی دیکە وەبیرهێنەرەوەی ناوی ئەو شاعیر و بیرمەندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. دوان لە سەر ئەوەی کە بۆ هەر کام لەو ناو و بابەتانە وەبیرهێنەرەوەی (سەیف)ن، توێژینەوەی دوورودرێژی دەوێ و مەبەستی من لەو نووسینەدا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەو شێوە ناسینە لە دەلاقەیەکی دیکەوە سەیف وەبیر بێنمەوە.

لەو نووسینەدا دەمەوێ باسی سەیف بە «تەحمیدیە»یەکەوە وەبیر بێنمەوە، کە لەسەرەتای دیوانەکەیدا هاتووە. بێ شک پرسیار بۆ خوێنەری ناسیاوی سەیف ساز دەبێ، کە بۆ لە دەلاقەیەکی واوە لە سەرەتای وتارێکی ئەدەبیدا ڕوو دەکرێتە سەیفێک، کە هەم شاعیرێکی بەتوان بووە و هەم بیرمەندێکی سیاسی؟

وەڵامی ئەو پرسیارە پێوەندی بە پێکهاتەیەکەوە هەیە، کە سەیف بۆ ئەو چەشنە لە شیعر دایڕشتووە و گۆڕانکارییەک کە لە پێکهاتەی کەون و باوی تەحمیدییەدا بەدی هێناوە، واتە ئەگەر سەیف وەک یەکێک لە کەسایەتییە شوێندانەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری ئەدەبیاتدا، زمان و بیرێکی جیاوازی خستە پانتایی ئەدەبی کوردییەوە، ئەو خاڵی

وەرچەرخانە دەتوانین لە سەرەتای کتێبەکەی و لە تەحمیدییەیەکدا دەستنیشان بکەین کە بە شێوەی نەریتی هیچ پێوەندییەکی بەو بابەتەوە نییە.

لە نەریتی شاعیرانی کلاسیکدا، سەرەتای هەر دیوانێک بە شیعرێکەوە دەستی پێ دەکرد کە ئەو شیعرانە بە هۆی ئەوەی لە وەسفی خودا و حەمد و سەنای ئەودا دەبوو بنووسرێن، کە بە «تەحمیدییە»، واتە ستایشی خوداکردن بە ناوبانگن. دیارە ئەو نەریتە بە هۆی پەرەداربوونی لە سەرەتای زۆربەی کتێبە شیعرییەکاندا بە درێژایی مێژوو، پێکهاتەی تایبەت و یاسا و ڕێسای خۆی بۆ دانرا، دواتر زۆربەی شاعیران کەم و زۆر ئەو یاسا و ڕێسایانەیان ڕەچاو کردووە، ئەگەریش پێملی هەموو وردەکارییەکانیشی نەبووبن، تا ڕادەیەک بەشێک لە خاڵەکانیان ڕەچاو کردووە. هێندێک لەو تایبەتمەندییانەی بۆ ئەو شێوازەیان ڕیز کردوون بریتین لە: هێنانە بەرباسی سیفەتە ئیجابی و سەلبییەکانی ئافرێنەری هەستی، سەرنجدان بە ئافرانی هەستی و دوعا و پاڕانەوە، باسی گەڕانەوە بۆ دنیای پاش مەرگ و مەعاد، وەسفی پێغەمبەر و جار جار کردنە تکاکاری لە بارەگای خودا، داواکاری لە ئافرێنەری جیهان. (کرمی و دیگران:١٣٨٧)

جودا لەو خاڵانە بە پێی دەقەکان جاری وایە شتی دیکە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی زاراوەکانی ئایینیدا خراوەتە ڕوو. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە بە شێوەی باوی ئەو بوارە، شاعیرەکان جگە لەو بابەتانە کەمتر پەرژاونەتە سەر باسی دیکە و هەست و ویستی خۆیان لە دووتوێی باسی خودا و سیفەتەکانی، باسی نێردراوەکانی، بە تایبەت پێغمبەری ئیسلام،



سەیفولقوزات

باسی پڕ مەترسی بوونی گەڕانەوە بۆ ئەو دنیا و داوای هاریکاری لە خودا بۆ لێبووردن لە کردەی نالەباریان دەربڕیوە، بەڵام با بزانین سەیف کە هەڵگری دوو چەشن بیری جیاواز لە دوو بەش لە ژیانیدا بووە، چۆن لەو بوارەدا دەرکەتووە.

سەیف لە باری بیری ئایینییەوە سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و موریدی شێخی بورهان بووە. ئەو شێوە بیرە لە سەردەمێکی ژیانیدا ڕەنگدانەوەی زۆر بووە و بە پێی دەقەکانی و یەک لەو دەقانە لە سەردەمی دووەمی ژیانیدا، بەرە بەرە ئەو بیرەی کاڵ دەبێتەوە کە سەر بە گوتارێکی تایبەتی ئایینی بووە و گوتارێکی دیکە بە خەستی جێگای دەگرێتەوە. گوتاری نوێی سەیف گوتاری نەتەوەخوازییە. ڕەنگدانەوەی ئەو دوو گوتارە لەو شیعرەیدا و هاتنیان لەپەنای یەک لە دەقێکدا، ڕێگا خۆش دەکا بۆوەی دواتر لە شیکاریی بیرکردنەوەی شاعیر لە بەشی دووەمی ژیانیدا، باوی هەنگاومان خۆشتر بێ.

ئەو شیعرە لە چل و یەک بەیت پێک هاتووە و یەکەم شیعری دیوانی (سەیفولقوزات)ـە. لە مەدحی خودادا نووسراوە. بە پێچەوانەی هەموو شیعرەکانی مەدحی خودا، تەنیا وتووێژێکی «تاک، یان کەسی شاعیر» لەگەڵ «ئافرێنەر»ی بوون نییە. وتووێژێک کە بە شێوەی باو، شاعیر لەگەڵ بەردەنگ و ڕووگەی وشەکانی کە خودان؛ داماو و دەستەوەستان خۆی دەنوێنێ، بۆ گەیشتن بە جیهانی باڵا و بەهەشت دەپاڕێتەوە و لە ڕێگای وتوویژ لەگەڵ خودا بوار بۆ ئەو دەسکەوتە خۆش دەکا.

ئەو حەولەی شاعیران بەو مەبەستە دەکەوێتە گەڕ خودا لە گوناحانیان ببوورێ و ڕەگەڵ ئەسحابانیان خا و لای چاکان و پاکانی خۆی جێگایان بۆ بکاتەوە، بەڵام سەیف لەو شیعرەدا ڕێگایەکی جیاواز دەگرێتە بەر. ڕێگایەک کە بەر لەو لە تاک بەیتێکدا «حاجی قادری کۆیی» تاقی کردووەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەیف لەو شیعرەدا، سیلەچاوێکی لە ڕوانین و دنیابینی حاجی قادری کۆیی بووە. ئەگەر حاجی قادر لە دوا بەیتی مەدحییەکەی خۆیدا لە ڕێگای مەدحییەی باو لادەدا و دەڵێ:

**«مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی**
**تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باریی»**
(کۆیی: ١٣٩٠:١٥٠)

سەیف هەنگاوی بەرزتر دەنێ و بە دوو جۆر، ڕێگایەکی جیاواز لە پێشینیانی خۆی دەگرێتە بەر؛ یەکەم ئەوەی کە ئەگەر شیعرەکەی سەیف لە باری ناوەڕۆکییەوە دابەش بکەین، دەبێ بیکەینە دوو پاژی لێک جودا، کە هەر کام لە گوتارێکی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە. سێ بەیتی سەرەتای شیعرەکە بە دابی شیعری مەدحییە لە گوتارێکی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە و دیارە لەو گوتارەدا تاک لە بەرانبەر ئافرێنەردا «غیر تسلیم و رضا» چارەیەکی دی نابینێتەوە، بەڵام لە بەشی دووەمدا سەیف بیری لە گوتارێکی دیکە پاراو بووە و لە زمان خەڵکەوە دەدوێ. ئەگەر بەشی یەکەمی ئەو شیعرە دەنگی تاکێکی دیندارە، بەشی دووەم دەنگی تاکێکە کە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەک دەدوێ. ئەگەر لە بەشی یەکەمدا سەیف داوای ویستە تاکەکەسییەکانی خۆی لە خودا دەکا و داوای ئەوە دەکا خودا قەڵەمی لێبووردەیی بە سەر گوناحانیدا بێنێ، ئەوە لە بەشی دووەمدا بە پێی ئەوەی نوێنەرایەتی گوتارێکی جیاواز دەکا، دەراوی دەمی گۆڕاوە و داوای ویستەکانی نەتەوەیەک دەکا، واتە لێرەوەیە کە سەیف ئاگایانە دوو گوتار تێکەڵ دەکا. ئەوەی کە لە ڕێگای دەقێکی مەیلەو ئایینییەوە ویستێکی نەتەوەیی دێنێتە ئارا. ویستێک کە بۆنی گلەیی لە ئافرێنەری جیهان و خودی کۆمەڵگەی کوردەواریشی پێوە دیارە.

«زوڵمە لەگەڵ مە، هێندە بە چاوێک نەکەن نیگا». لێرەدا سەیف داوای نیگای یەکسان بۆ هەموو کۆمەڵگەکان لە خودا دەکا و بە زوڵمی دەزانێ کە هەمووان وەک یەک نابینرێن و هەلیان لە «سەروەری» و «وەزیری» و «عیلم» و «سەنعەت» بۆ نارەخسێ. خۆ ئەگەریش بگوترێ ئەو میسرەعە ڕووی دەمی شاعیر لە دەسەڵاتە، دیسانیش ئاراستەی ڕەخنەگرانەی ئەو گۆڕانێکی بەسەردا نایە.

دووەم بابەت ئەوەیە کە؛ بەیتی پێش بەیتی کۆتایی ئەو شیعرە خاڵێکی دیکە دەردەخا کە سەیف چۆن دەستەواژە دینییەکان دەقۆزێتەوە بۆ دەربڕینی مەبەستێکی نەتەوەیی. شاعیر بەو کارە لە لایەک پیرۆزیی ئەو بوارە دەگوێزێتەوە

بۆ پانتایی نەتەوەیی و گرینگیدان بەو بابەتە و لە لایەکی دیکەوە خەریکی پیرۆزی سڕینەوە لە هێندێک واژە و دەستەواژە و بە زەمینی کردن و ئینسانی کردنی ئەوانە، بۆیە لە دوو زاراوەی ئەو بەستێنە مەعریفییە کەڵک وەردەگرێ.

«ئەوڕۆ حەسەن موئەزینە». «موئەزین» یان «بانگوێژ» لە نەریتی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەو کەسەیە ئەرکی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی لە گەیشتنی کاتی «بابەتێکی پیرۆز» پێ سپێردراوە. دەبێ بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز هاواری خۆی ڕابگەیەنێ. بڵێ وریا و وشیار بنەوە کە کاتی ئەمری پیرۆز هاتووە. «هەستن لە خەو» و «وەخڕ بن» بۆ سەرەتای ڕۆژێکی نوێ و نوێژێکی نوێ و بەجێگەیاندنی ئەمری پیرۆز.

ئەو نوێژەی کە ئەو باسی دەکا و خەڵکی بۆ وەخەبەر دێنێ، نوێژی بەیانییە، چون پێشتر ئەمریان پێ دەکا کە لە خەو ڕابن و وەخڕ بن بۆ نوێژی جەماعەتی بەیانی، بەڵام بانگی «موئەزین و بانگوێژی کورد»، واتە سەیف، بە پێی گوتەی خۆی بانگێکی کوردانەیە. ئەو دەستەواژەیە، واتە «بانگی کوردانە» لادانێکە لە هەموو ئەو سوننەتە فکرییە، چون بانگی دیندارانی دی بانگێکی جودا و لە جسنێکی دیکەیە، بۆیە دەڵێ: سەیف کوردانە بانگ دەدا، بەڵام بانگی ئەو «هەستن لەخەو وەخڕ بن و حەییە عەلە سەلا»یە، «ڕاکەن بۆ نوێژ، یان ئەمرە پیرۆزەکە» لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی دیکەدا، هاواری بانگ وێژێکە سەر بە گوتاری ئایینی پێشوو. ئەو ئەمرە پیرۆزەی سەیف بانگی بۆ دەدا و خەڵکی لێ ئاگادار دەکاتەوە دۆخی گەلەکەیەتی لە بەربەیانی سەردەمێکی تازەی ژیانیاندا، کە لە هەشت بەیتی پێشوودا خوداشی لێ تێگەیاندووە. شاعیر ئەو بابەتەی چ وەک گلەیی و چ وەک داواکاریی لەگەڵ بەردەنگی خۆی خستووەتە بەر باس، واتە سەیف ئەو دوو واتەیە لە واتای نەریتی خۆیان دادەماڵێ و مانایەکی نەتەوەییان پێ دەبەخشێ. هەم «بانگێکی کوردانە» دەبێتە دەنگ هەڵبڕین بۆ وەخەبەرهێنانی کۆمەڵگە لە خەوی ژێر چەپۆکەیی و هەم «ڕاکەن بۆ بابەتە پیرۆزەکە»، لێرەدا گۆڕانی بەسەردا دێ بۆ بابەتی خەمی نیشتمان، ڕێگاش بۆ سەرگرتنی ئەو کارە لە کۆوەبوون لە دەوری یەک بۆ سەرگرتنی «یەکیەتی و لە پاڵ یەکبوون» دەزانێ. بە گشتی تا ڕادەیەک لەو بەشەدا دەنگی دلێر و بوێرە کە ڕەنگی ڕابوون و تووڕەبوون و عوسیان لە دەنگی شاعیردا دەبیسترێ.

**«نە مەدرەسە، نە دەرس، نە عیلم و نە سەنعەتێک**
**زوڵمە لەگەڵ مە، هێندە بە چاوێک نەکەن نیگا»**

(سەیفولقوزات ۲۰۰۸:۸۳)

لە لایەکی دیکەوە سەیف لەو شیعرەدا، دوو واتای «ئوممەت» و «میللەت» لەبەرانبەر یەکدا دادەنێ و ڕاشکاوانە دەڵێ کە نابێ میللەت فیدای ئوممەت کرێ.

**«ئاخر بە زاتی تۆیە هومێدی نەجاتی مە**
**ڕازی مەبە لە ئوممەتەکەت، میللەتێک فەنا»**

(هەمان:۸۳)

هەر لەو شیعرەدا دوو بەردەنگ بۆ شاعیر بوونی هەیە، کەچی لە مەدحییەدا دەبێ بەردەنگ تەنیا زاتی خودا بێ، بەڵام لێرەدا ئەو ڕێسایە گۆڕاوە؛ بەردەنگێک کارسازی کارانە و بەردەنگێک گەلی کوردانە کە لەگەڵیان دەدوێ و بانگی کوردایەتییان بۆ دەدا و دەبێتە موئەزینیان.

شاعیر لە شیعری «کوردینە»دا مانیفێستی سیاسی- کۆمەڵایەتی خۆی دەخاتە ڕوو. پێنج بەیتی سەرەتای شیعری «کوردینە» بەراوردی دوو چەشنە فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتییە کە یەکەمیان ئەو فۆڕمە لە ژیانی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای نەریتەکانی کۆمەڵگەی عەشیرەتی دامەزراوە و تێیدا هەر عەشیرەتێک بە پێی بەرژەوەندی خۆی لەبەرانبەر عەشیرەتەکانی دیکە ڕادەوەستێ و کەمتر لە بیری پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوودایە. لە لایەکی دیکەوە ئەو فۆڕمە لە ژیان لە باری ئابووریشەوە سەرچاوەکانی هەمان ئەو سەرچاوانەیە لە دێر زەمانەوە ڕیشەیان لەو وڵاتەدا داکوتاوە.

شێوە ژیانی دامەزراو لە سەر نەریتی کشتوکاڵی بە کەرەستە و شێوە بەرهەمهێنانی کۆنەوە، لە لایەکی دیکەوە سیستم و فۆڕمی پەروەردە بە سەرچاوە کۆنەکانی مەعریفییەوە کە وەڵامدەرەوەی ویستی سەردەم و ئینسانی سەدەی بیستەم نەبوون، ئەو لایەنانەن ئەو لە بەرانبەر شێوە ژیانێکی دیکەدا قووتی دەکاتەوە. ئەو شێوە ژیانەی کە پاش شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەورووپا دەستی پێ کردبوو. پاش چەند سەدە چەند ئاستی تێپەڕاندبوو و بەشێک دەرکەوتەی بەرچاوی وەک مودێڕنیزاسیۆن و لایەنێک لە دەرکەوتەی سیاسی وەک بیری نەتەوەخوازی لە وڵاتانی دی بینراوە و ئەزمواوە.

ئەو شیعرە بە لەبەر یەک ڕانانی ئەو دوو فۆڕمەی ژیان و بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی چەند ئاست لە بەردەنگانی خۆی دەکا. ئاستی یەکەم کۆی کۆمەڵگەی کوردە کە لە وشەی «کوردینە»دا ئاماژەی پێ دەکا و خەسارەکانی بیر و بەرهەمی ئەوان دەخاتە ڕوو. ئاستی دووەم ئەو چینە لە کۆمەڵگەیە کە لە جەغزی دەسەڵاتی خۆیدا - ئەوجا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی عەشیرەت بووبێ، یان وابەستە بوون بە دەسەڵاتی غەیری عەشیرەتی و ناوەندەوە- بە جێگای ڕێکخستنی کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی ئارمانجە سیاسییەکانی خۆیان، هەر کام وابەستەی لایەنێکی سەردەستن و خەریکی «گرێ و گرێون». ئەو مەبەستە لە بەیتی؛

**«مەغبوونی هەر موعامەلە مەحکوومی هەر کەسێک**

**شاهان بە مەحوی ئێمە دەبەستن گرێ و گرێو»**دا خۆ دەردەخا. ئاستی سێیەم ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی کوردە کە هێزی چەکدارە و لە خزمەت عەشیرەتدایە نەک لە خزمەت ویستی سەروو عەشیرەتی و نەتەوەییدا.

**«گوردانی کوردەکان بە خودا ڕۆژی غیرەتە**
**دەس دەینە خەنجەران و پیاوانە بێینە نێو»**
**«بۆچمانە ماڵ و سەر، کە لەسەر سەروەری نەچێ؟**
**کوڕ نابێ قەت بترسێ لە زیندان و دار و چێو»**
(سەیفولقوزات:٨٦)

لە کۆتاییدا سەیف کێشەکانی بەردەم یەکێتییەک دەخاتە ڕوو کە داوای دەکا، واتە لەو شیعرەدا سەیف باس لە دوو کێشە دێنێتە ئاراوە. یەکەمیان کێشەیەکە کە لە دۆخی باو و ناسیاوی «ئێستا»ی جیهان ژینگەی شاعیر و نەتەوەکەیدا هەیە، دووەم کێشەیەک کە پاش کەوتنە گەڕی مودێلی پێشنیاریی ئەو دێتە ئاراوە، واتە هەم کێشەی واقیعی و هەم کێشەی شیمانەیی دەخاتە ڕوو، بەڵام دواجار ئەو لە مودێلی پێشنیارکراوی خۆیدا، ویستی دەسەڵاتی نەتەوەیی و وەڕاستگەڕانی لە نزیک بوونەوە لە زانستخوازیی سەردەم،

دوورکەوتنـەوە لـە پرشـوبڵاوی و کێشـەی ناوخـۆی کۆمەڵگـە، ویسـتی ئـازادی و سـەربەخۆییدا دەبینێتـەوە. کـۆی ئەوانـە لـە تێـزی سـەیف دا ئاکامەکـەی دژوەسـتانی «ئـەوی دی»یـە لـە بەرانبـەر نەتـەوەی ڕاساو «بـە نێر و مێ»یـەوە و مۆرکی «سـەربزێو» خواردنـە لە لایـەن ئەوانەوە، ئـەوەش لـە سیسـتمی فیکریـی سـەیف دا نـە تەنیا وەک تانـە و جنێوێکی سیاسی نایترسێنێ، بەڵکـوو ئـەو ئامـادەی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ خەسارەکانیشـیێتی:

**«هەرچی دەبێ بڵا ببێ حەق هەر دەڵێ حەسەن**
**نیمە لـە ڕێی وەتـەن غەمی دەرکردن و جنێو»**
(هەمان:٨٧)

پـرۆژەی فیکـری (سـەیف)مان کـە لـە تەحمیدیەکەیـەوە خسـتە ڕوو، هـەر جـارەی ئاسـتێکی بڕیـوە. لـە ئایینـەوە بـۆ نەتـەوە و لـە ئەمری پیـرۆزەوە بـۆ ئەمـری زەمینی و دەسـەڵاتی نەتەوەیی. تەحمیدییەکـەی ڕاسان و ڕاوەستانێکە لـە بەرانبـەر کـۆی نەریتـی تەحمیدییـە نووسـین. لـە شـیعری «کوردینـە»دا شـیعر بـە گشـتی لـە سـەر ڕاسـتییە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان دەدوێ و دوور بووەتـەوە لـە خولیـای نامومکینـی شـاعیرانە.

پاش شیعری کوردینەیە، کە سـەیف بۆ پەرەدان بـە بیرەکـەی و بـە کردەیـی دەرهێنانی لە دنیای سـەردەمی خۆیدا، مودێلـە سیاسـییەکان تاووتـوو دەکا و لـە ئاکامـدا لـە شـیعری «ئـەوڕۆ حەسـەن پەیامـی دوعـا و سـڵاوییە»دا سـەر بـەرەو بیـری چـەپ و مودێلـی نوێنـەری ئـەو بیـرە کـە دنیـای سوسیالیسـتییە وەردەگەڕێنـێ و ئـەو چەشـنە لـە مودێلـی سیاسـی بـە کارامـە دەزانـێ، بـەڵام سـەیف ئەگـەر ئـەو دەلاقەیـەش دەبینێتـەوە بـەو هۆیەیـە کـە بـە شـوێن هەلێکـی گونجاو و بوارێکـی لەبـاردا دەگـەڕێ بـۆ دامەزراندنـی سیسـتمێکی نـوێ و وەدیهێنانـی خۆزگـە نەتەوەییەکانـی و بـە گوتـەی خـۆی لـە بەنداوێـک دەگـەڕێ «باغـی ئارەزوو»ی نەتـەوەی کوردی پـێ پاراو کا، هـەر بۆیـە لـە بەشـی یەکەمـی ئـەو شیعرەدا شـاعیرێک دەبینـێ کـە بـە وردی و لـە ڕێـی شـیعرەوە خەریکـی شـیکردنەوەی شـەڕی جیهانگیـری دووەم و هێرشـکردنە سـەر بـەرەی نازیسـت و فاشیسـتە و لـە وەسـفی «سـوپای سـوور» دەدوێ، بـەڵام لـە بەشـی دووەمـدا دەردەکـەوێ کـە ئەوەشـی بـۆ وەدیهێنانـی ئاواتەکانـی نەتـەوەی خـۆی و ڕەنگانـدن و نەخشـاندنی «باغـی ئـارەزووی» کـوردە، واتـە ئـەوەی ئـەو لێـی دەگـەڕێ، نـەک لکانـە بـە سیسـتمی بیـری ئـۆردووگای ڕۆژهـەڵات و یەکێتیـی سـۆڤیەتەوە، بەڵکـوو وەدەسـتهێنانی دەرفەتێکـە بـۆ گەیشـتن بە «ئازادیی سـەربەخۆیی میـری و گەورەیـی» لێرەدایە کـە دەرفەتـی پاش شـەڕی جیهانـی و دۆخـی ئـەو کاتـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران بـە گشـتی بـە لەبـار دەزانـێ بـۆ وەبەرهاتنـی «باغـی ئـارەزووی» نەتـەوەی خـۆی و هـەر لـەو شـیعرەدا ئامـاژەی پـێ دەکا:

**«سەر سەوزە باغی ئارەزوو نیزیکە بێتە بەر**
**مەزرای هومێدی تینووە وەختی شەواوییە»**

سـەیف هێنـدە لەسـەر ئـەو ئارەزووە نەتەوەییـە سـوور بـووە کـە پێـش ئـەوەی لـە دنیـای سیاسـەتدا بـە کردەوە ببینـێ، لـە دنیـای واقیـع و لـە ئاواییەکـەی خـۆی، واتـە «گوێگجەلـی»دا، هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەو خولیایـە زۆر پێشـتر «باغـی ئـارەزوو»ی هـەر بـەو نـاوەوە سـاز کردبـوو کـە تـا کۆتاییەکانـی دەیـەی شەسـتی هەتـاوی ئاسـەوارەکەی هـەر مابـوو.

ئـەوەی سـەیف لـە شـاعیرانی سـەردەمی خـۆی جـودا دەکاتـەوە، ئـاگاداری وردی (سەیف)ـە

بەسەر گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا. ئەو ڕاستییە بە پشتبەستن بەو زانیاریانەوە دەسەلمێن کە شیعرەکانی بە دەست خوێنەرەوەی دەدەن.
بە هۆی پێوەندییە سیاسی – کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی (سەیف)ـەوە و دەستڕاگەیشتنی بە بنکەکانی سیاسی و ڕۆشنبیری و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو سەردەم، وەک ڕۆژنامەکانی تەورێز، ئاگاداری لە دۆخی جیهان و ناوچە بووە، ئەوەش توانایی شیکاری هەلی ناسکی ناوخۆیی و بەراوردی لەگەڵ دەرەوە پێ داوە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی زیاترین کەڵکەڵەی سەیف لە سەردەمی (ڕەزاخان)ـەوە تا ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣ز)، واتە سەردەمی حەمەڕەزا شا، زیاتر لەوەی ئاگاداریی لە فۆرمە نوێیەکانی ئەدەبی بێ، زانیاریی لە فۆرمە نوێیەکانی سیاسەت و کۆمەڵگە بووە، هەر ئەو کەڵکەڵانەش دواتر بوونەتە ناوەرۆکی شیعری سەیف. گۆڕان لە ناوەرۆکیشدا کە بە هۆی گۆڕانی سەرچاوە مەعریفییەکانەوە سەری گرتووە، خوازیاری زمانێکی نوێ بووە، هەر بۆیە دوو چەشن زمان و بیری ئەدەبی لە دیوانەکەیدا بە زەقی دەبینرێن.

بەڵام پرسیارێک کە ڕەنگە ختووکەی بیری خوێنەر بدا ئەوەیە کە؛ ئایا ئەو دەرفەتە هەر بۆ سەیف لوا، یان شاعیرانی دیکەش ڕۆڵێکیان گێڕاوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەرێیە و لە بەشەکانی دیکەی ئەو نووسینەدا باسی دەکرێ، بەڵام ئەوەی سەیف لە هەمووان تاق دەخاتەوە، ئەوەیە کە پاش ماڵئاوایی لە بەستێنی هەراوی بیری نەریتی ئەدەبی و دیتنەوەی ئینسانی ئەورۆیی لە شیعردا، بە تەواوی بوو بە هەڵگر و پەرەپێدەری گوتارێکی جیاواز. ئەو گوتارمەندبوونە، شیعری ئەوی لە پرشوبڵاوی بابەتی دوور خستەوە. بەشی هەرە زۆری شیعری سەیف پاش ئەو دابڕانەی بە دەوری کۆمەڵگە و سیاسەت و نەتەوە و دۆزینەوەی ڕێگاکانی بردنە پێشی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەخولێتەوە، تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەینە دوو بابەتی جیاواز و دوور لە بواری سیاسەتیش، کە یەکیان پێوەندی بە دیاردە سروشتییەکانەوەیە و یەکیان بە نەریتی نامەنووسین، دەبینین ئەو حەولی داوە ئەو بابەتانەش نە تەنیا بە سیاسەت و کۆمەڵگەوە ببەستێتەوە، بەڵکوو بیانکاتە چەقی خستنە ڕووی ئەو زاراوە و دەستەواژانەی ئەو بوارە دەدوێن و وەسف دەکەن. لە مەسنەوییە بە ناوبانگەکەی «زستان»دا کە مامۆستایان: «هێمن» و «هەژار» بە شاکاری دەزانن و مەسنەوییەکی مەیلە و درێژە و لە هەشتا و حەوت بەیت پێک هاتووە، مەبەستی سەرەکی باسی «زستانێکی تووش و سەختی ساڵی هەزار و سێسەد و دوازدە»یە. وەکی لە شیعرەکە دەردەکەوێ ئەو شیعرە بیستی یەکەم مانگی بەهاری ئەو ساڵە نووسراوە، کەچی هێشتا بەفر و سیخوار هەموو وڵاتی گرتووە، ئەوەش ژیانی کۆمەڵگەی خستووەتە دژوارییەکی کەم وێنەوە کە سەیف بە شێوەیەکی مامۆستایانە ئەو زستانە دەگێڕێتەوە، بەڵام بە چەشنێکی چاوەڕوان نەکراو دەبینرێ دیسان لە بەیتی شێست و دووڕا ئەو بابەتە بە کێشەی سیاسی و نەتەوەییەوە گرێ دەدا و وابەستە بوونی ئابووری کورد بە ئەوی دیی لە لایەک و نەبوونی کیانی تایبەت دێنێتە ئارا و ئەو «زستانەی سروشت» و «زستانی سیاسی» ژیانی کوردان لە سەردەمی پەهلەویدا بە یەکەوە بەراورد دەکا.

**«تا کەی لە دەرکان کز و بڵاو بین**
**بێ مەزن و گەورە، سەر بێ کڵاو بین»**

**«به گوته و شانامان میللەت دەمێنن**
**به مەزن و گەوران شان دەشەکێنن»**
(سەیفولقوزات:۱۱۵)

بەشێکیش لە شیعرەکانی سەیف بۆ بەردەنگێکی تایبەت بە ناوی «عەزیز ئاغای کولتەپە» نووسراون و کۆی ئەو شیعرانە لە دە پارچە شیعر پێک هاتوون. جگە لە یەکیان کە لەسەر کێشی عەرووزییە، نۆ شیعرەکەی دیکە هەموویان لە سەر کێشی برگەیی نووسراون. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە لە دیوانی سەیف دا ڕاست ئەو شیعرانەی بۆ «عەزیز» نووسراون شیعری برگەیین، دەنا باقی شیعرەکانی سەیف جگە لە چەند وردە شیعر، هەموویان کێشی عەرووزییان هەیە.

فۆرمی ئەو شیعرانەی بۆ «عەزیز» نووسراون فۆرمی نامەیە و وەکی چاوەڕوان دەکرێ، لە نامەیەکدا ئەوەی دەخرێتە ڕوو، بابەتی سۆزدارانە، گوتەی پێوەندیدار بە دوو لایەنی نامە، گلەیی و بناشت و بیرەوەری گێڕانەوەی کەسی نامەنووس و شتی لەو چەشنەیە، مەگەر ئەوەی چەشنی پێوەندی دوولایەن پێوەندییەکی نەباو و دوور لە ڕێساکانی ئاسایی بێ. پێوەندی سەیف و عەزیزی بەردەنگی، پێوەندییەک لەسەرووی پێوەندییەکی ئاسایی دوو هاوڕێ بووە. وەکی لە ناوەڕۆکی ئەو «دە پارچە» شیعرەدا دەردەکەوێ کە سەرجەم «سێ سەد و دوازدە» بەیتی (دیوانی سەیف)یان پێک هێناوە، جودا لەوەی کە هەردووکیان سەر بە تەریقەتی نەقشبەندین و موریدی شێخی بورهان بوون، لە دەرەوەی ئەو پێوەندییە چەشنێک پێوەندی و نزیکایەتی بیری سیاسی لە نێوانیاندا هەبووە و شیمانەی ئەوە دەکرێ یەکتردیتن و ئەو هەموو ئارەزووی دیدارەیان کە لە نامەکاندا دەردەکەوێ، بۆ گۆڕینەوەی بیروڕای سیاسی بووبێ. ئەو کاتانەش کە نەلواوە یەکتر ببینن ئەوە سەیف لە ڕێی شیعرەوە بە وردی لە سیاسەت و نالەباریی دۆخی کوردان بۆی دواوە.

**«یادم بۆ ناکەی یادت بە خێر بێ**
**وەعدەی زووهاتن وەختە زۆر دێر بێ»**
(هەمان:۱۲۹)

ئەو شیعرە لە گلەییەکی دۆستانەوە دەست پێ دەکا و دواتر بە ڕەخنە لە سیاسەتەکانی سیستمی دەسەڵات بەردەوام دەبێ و لە ئاکامدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو گوتارەی زەینی لێی پاراو بووە و زمانی پێی پشکوتووە و بەو ڕێچکەیەدا شیعرەکە دەگەیەنێتە لووتکە:

**«چاوان لە نەویان هەرگیز مەگێڕن**
**لە بڵێندان بانگ کەن ئاوان هەڵگێڕن»**
(هەمان:۱۳۲)

ئەوەی لەو شیعرە و باقی شیعرەکانی بەشی دووەمی ژیانی سەیفولقوزات دەردەکەوێ ئەوەیە کە لەو سەردەمە، لە ژیانیدا و تا ئەو ساتەی کۆچی دوایی دەکا لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەییدا بەرهەمی شیعریی خوڵقاندووە و نیگایەکی ڕەخنەگرانەی بۆ دەستەڵات و گەلی کوردیش هەبووە. ڕوونتریش ویستیشی ڕوو لە نەتەوەی خۆی ئەوە بووە کە:

**«ئازادی سەربەخۆیی، میری و گەورەیی**
**داوا بکەن بە زار و زمان و ددان و لێو»**
(هەمان:۸۷)

(۲)

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، وەرچەرخانی سەیف ئاکامی گۆڕانکارییەک بوو کە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا بە گشتی هاتبووە ئارا و کوردستانیشی گرتبووەوە.

ئەو ڕەوتە پێشتر و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە دەستی پێ کردبوو و لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەوڵی سەیف و مەلا مارف و دواتر کەسانی وەک هەژار و هێمن و ... بەردەوام بووە، ئەوە ئاکامی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دیکە بوو کە خەریک بوو هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دادەگرت. بە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆڵی سەرەکی لەو وەرچەرخانەدا هەبووە، ئاراستەی ئەو نووسینە زیاتر بەو بارەدا دەشکێتەوە. «یەکێک لەو واتا و ناوەڕۆکانەی لەو سەردەمەدا بەشێکی زۆری پانتایی شیعری گرتبوو ناسیۆنالیزم بوو. (خاتمی١٣٩٤:٤٧) ئەو بیرە نوێیە هەم شیعری فارسی و هەم شیعری عەرەبی گرتەوە و ناکرێ لە جوغرافیایەکی لێک نزیکدا، شیعری کوردی لەو بابەتە بێبەری بووبێ، هەرچەندە هێندێک جیاوازی لە چەشنی کاریگەریی ناسیۆنالیزم لەسەر شیعری ئەو نەتەوانەدا هەیە. بۆ وێنە «لە ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، لە نێو سازدەرە جوداکاندا، زیاتر پێ لەسەر زمان دادەگرن، چون ئەو سازدەرە سەرەڕای وڵاتانی جیاوازی عەرەب، دەیتوانی ئەوان لێک نزیکتر بکاتەوە، بەڵام لە ئێراندا بە هۆی بوونی گەلە جیاوازەکانەوە زمانی فارسی نەیدەتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێ. (هەمان:٤٧)

لێرەدا خۆ لە باسی سازدەرەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم دەبوێرن کە بە مێژوو و کولتووری هاوبەش و وڵات و ئایین دابەش کراون و زیاتر باسی زمان و ئەدەبیات دەکەین. شیعری کوردی لەو سەردەمەدا، لە سەر دوو بابەت زۆر پێداگرە؛ ئەویش زمان و وڵاتە، واتە ئەگەر نەتەوەی باڵادەست بە کەرەستەی دیکە خەریکە لە یەکگرتوویی و کۆوەکردنی جەماوەر بە دەوری واتای نەتەوەوە کەڵک وەردەگرێ، ئەوە کورد بە زمان و ئەدەبیات و لەو ڕێیەشەوە باسی نیشتمان و وڵات، ڕەوتی نوێی خۆی دەست پێ دەکا. ڕەوتێک کە لە باشووریش پێشتر بە شێوەیەکی جودا دەستی پێ کردووە و دواتر باسی لێ دەکرێ.

ئەو گۆڕینی بیر و نیگایە بۆ جیهان و مرۆڤ ئەگەر لە نێو گەلانی دیکەدا و لە زمان و ئەدەبەکەیاندا ڕەنگی داوەتەوە، لەو نووسینەدا بۆ دەستنیشانکردنی بەشێک لە سەرچاوەکانی، بە شوێن ڕەچەڵەکی ئەو گۆڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەین. گرینگترین باسیش لەو بوارەدا ئەوە دەبێ کە چۆن ڕووکردنە بیری ناسیۆنالیستی ئاڵوگۆڕی بەسەر زمان و ناوەڕۆکی شیعری داهێنا. ئەو بابەتە زۆری پێ لەسەر دادەگیرێ کە «ئەو بیرە (ناسیۆنالیزم) بووە هۆی ئەوەی شاعیرەکان وەک خێرخوازانی کۆمەڵگە خۆ بنوێنن و شیعرەکانیان بکەوێتە خزمەت پەرەپێدانی بیرە نوێیەکان و بە تایبەت ناسیۆنالیزمەوە، ئاکامی ئەوەش بوو بەوەی شیعرەکانیان لە دۆخی زەینیخوازییەوە بەرەو عەینیخوازی گۆڕانی بەسەردا بێ. (خاتمی١٣٩٤:٢٩) لە ئێراندا، سەردەمی مەشرووتە بوو بە سەردەمی ڕاپەڕاندنی ئەو وەرچەرخانانە.